# ئەو کاروکردەوە چاکانەی کەگوناهـ وتاوانەکان دەسڕنەوە

﴿ مكفرات الذنوب ﴾

[ كردي – کوردی – kurdish ]

زاگرۆس هەمەوەندی

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

2010 - 1431

islamhouse.com

# ﴿ مكفرات الذنوب ﴾

« باللغة الكردية »

زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2010 - 1431

islamhouse.com

# ئەو کاروکردەوە چاکانەی کەگوناهـ وتاوانەکان دەسڕنەوە

سوپاس وستایش بۆخوای گەورە و میهرەبان ودرود ورەحمەت بۆ سەر پێغەمبەری ئیسلام وگشت هاوەڵە بەڕێزەکانی هەتا هەتایە .

خۆشەویستان کاروکردەوە چاکەکان بەگشتی ئەبن بەهۆی سڕینەوەی تاوان و گوناهـ، ئەمیش بەبەڵگەی ئایەتێکی قورئانی پیرۆز کە دەفەرموێت : ( إنَّ الحَسَنَاتِ يُذهِبْنَ السَّيئاتِ .. ) { هود :١١٤ } واتە : کردەوە چاك و جوانەکان خراپە و تاوانەکان دەسڕنەوە ولەناویان دەبەن، هەروەها لەفەرموودەیەکی سەحیحیشدا هاتووە کە دەفەرموێت : ( إتَقِ اللهَ حيثُما كُنتَ، وأتبِعِ السَّيئةَ الحسَنَةَ تمْحُها، وَخَالقِ النَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنْ ) { رواه رواه أحمد والحاكم والترمذي } واتە : لەخوای گەورە بترسە لەهەرکوێیەك بوویت، بەدوای هەموو خراپەیەکدا چاکە بکە دەیسڕێتەوە، وە بەکردەوەی جوان لەگەڵ خەڵکیدا هەڵسوکەوت بکە .

ئەوەی ئاماژەمان پێدا بەشێوەیەکی گشتی کردەوەی جوان و چاکە سڕەرەوەی خراپەیە، بەڵام چەند کاروکردەوەیەکی حەسەن وچاکە هەیە لەفەرموودە سەحیحەکاندا دەست نیشان کراون کە دەبن بەهۆی کەفارەت و سڕینەوەی تاوان و گوناهەکانی بەنی ئادەم،خوای گەورە یارمەتیدەرمان بێت ئاماژە بەژمارەیەك لەو کردەوە چاکانە دەکەین :

**یەکەم :** تەوبەکردنێکی ڕاست ودروست : لەم بارەیەشەوە پێغەمبەری ئازیز ( صلی الله علیە وسلم ) فەرموویەتی : ( من تاب قبل أن تطلع الشمس من مغربها ، تاب الله عليه ) { رواه مسلم } واتە : هەرکەس پێش ئەوەی رۆژ لەڕۆژئاواوە هەڵبێت – مەبەست لێی ئەوەیە پێش هاتنی ڕۆژی دوای - تەوبە بکات و بگەڕێتەوە، ئەوە خوای گەورە تەوبەی لێوەردەگرێت .

ئاشکراشە هەرکەسیش پەروەردگار تەوبەی لێوەرگرێت ئەوە لێیخۆش دەبێت و تاوان و گوناهەکانی دەسڕێتەوە .

**دووەم :** دەستنوێژهەڵگرتن : لەم بارەیەشەوە پێشەوای ئازیزمان محمد المصطفى (صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : ( من توضأ فأحسن الوضوء ، خرجت خطاياه من جسده حتى تخرج من تحت أظفاره ) { رواه مسلم } واتە : هەرکەس دەستنوێژێکی جوان و ڕێکوپێك بگرێت، ئەوە تاوان و گوناهەکانی لەژێر جەستە ولاشەیەوە دەردەچێت، تەنانەت لەژێر نینۆکەکانیشیەوە دەردەچێت .

کەوابوو دەستنوێژگرتن هۆکارێکی ترە بۆ نەهێشتن و سڕینەوەی تاوان و گوناهـ، ئاشکراشە مرۆڤی باوەڕدار لە شەو ڕۆژێکدا لایەنی کەم پێنج جار دەدەستنوێژ هەڵدەگرێت بۆ ئەنجامدانی نوێژەکانی، جا برای ئازیز و خۆشەویست بزانە گرنگی دەستنوێژ سەرەڕای پاکوخاوێنی ڕاگرتنی جەستە دەبێتە پاك بوونەوەی ڕۆحیش لە تاوان و گوناهـ .

**سێهەم :** ویرد و ذیکرەکانی پاش نوێژ کردن : ئەو فەرموودەیەشی تەئکید لەم مەسئەلەیە دەکاتەوە ئەو فەرموودەیەیە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : ( من سبح دبر كل صلاة ثلاثاً وثلاثين ، وحمد ثلاثاً وثلاثين ، وكبر ثلاثاً وثلاثين فتلك تسعة وتسعون ، ثم قال :لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير ، غفرت له خطاياه وإن كانت مثل زبد البحر ) { رواه مسلم } واتە : هەرکەس سی وسێ جار ( سبحان الله، پاك وبێگەردی بۆ خوای گەورە ) بکات و سی و سێ جار ( الحمد لله، سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ) بکات، و سی وسێ جاریش ( الله أکبر، خوا لەهەموو شتێك گەورەترە ) بکات، کە ئەوە هەمووی دەکاتە نەوەد ونۆجار لەسەری صەدهەم جاردا بڵێ ( لا إله إلا الله وحده لاشريك له، له الملك وله الحمد وهو على كل شیء قدیر، واتە : هیچ پەرستراوێکی بەهەق نیە جگە لە الله کە تاك و تەنها و بێهاوەڵە، وە هەموو موڵك وسوپاس وستایشێکیش هەر بۆ ئەوە، کە دەسەڵاتی تەواوی

هەیە بەسەر هەموو شتێکدا ) خوای گەورە لەگوناهەکانی خۆش دەبێت ئەگەر بەئەندازەی کەفی دەریاکانیش بێت .

**چوارەم :** هەنگاو هەڵهێنانی زۆر بۆ مزگەوتەکان : واتە هەتاوەکو هەنگاوەکانت زیاتر بن لەکاتی ڕۆشتن بۆ مزگەوت و نوێژکردن هێندەش پەروەردگار گوناهـ وتاوانی بەندەکانی دەبورێت، فەرموودەی ڕاست و دروست و سەحیح کە بەڵگە بێت لەسەر ئەم ووتەیە ئەو فەرموودەیەیە کە دەفەرموێت : ( ألا أدلكم على ما يمحو الله به الخطايا ، ويرفع به الدرجات ؟ ) قالوا : ( بلى يا رسول الله ) قال : ( إسباغ الوضوء على المكاره ، وكثرة الخطا إلى المساجد ، وانتظار الصلاة بعد الصلاة ، فذلكم الرباط ، فذلكم الرباط ) { رواه مسلم } واتە : ئایا ڕێنمونیتان بکەم بۆ لای شتێك کە دەبێتە هۆی ئەوەی خوای گەورە تاوان و گوناهەکانی پێ دەسڕێتەوە، و پلەو پایەیشی پێ بەرز دەبیتەوە ( لای خوای گەورە ) ؟ ئەوانیش ووتیان : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، ئەویش فەرمووی : دەستنوێژگرتن لەسەر ناخۆشی و ناڕەحەتیەکان، وهەروەها هەنگاوانی زۆر بۆ چوون بۆ مزگەوتەکان، و چاوەڕوانی نوێژ بۆ نوێژێکی تر، ئەمەش وەك ئێشکگرتن وایە - لەپێناو خوا، وەك ئێشکگرتن وایە .

**پێنجەم :** ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان بەشێوەیەك باوەڕی پێ بێت و هەمووی بگرێت : لەم بارەیەشەوە فەرموودە هاتووە کە دەفەرموێت : ( من صام رمضان إيماناً واحتساباً غفر له ما تقدم من ذنبه ) { رواه البخاري ومسلم } واتە : هەر کەس ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرێت وباوەڕی پێ بێت وداوای ئەجر وپاداشتەکەی لەخوای گەورە چاوەڕوان بکات ونیەتیشی هەر بۆ ئەو بێت، ئەوا دەبێتە هۆی سڕینەوەی ئەو تاوانانەی کە لەپێشتر کردوویانە .

**شەشەم :** هەستان بۆ زیندووکردنەوەی شەوی بەڕێزی ( قەدر ) وباوەڕپێ بوون ومەبەست تێیدا تەنها خوای گەور بێت، وەك لەفەرموودەی سەحیحدا هاتووە پێغەمبەری پێشەوامان ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : ( من قام ليلة القدر إيماناً واحتساباً غفر له ما تقدم من ذنبه ) { رواه البخاري ومسلم } واتە : هەر کەس شەوی قەدر هەستێت و

زیندووی بکاتەوە بەشێوەیەك كە باوەڕی پێی هەبێت و داوای ئەجر وپاداشتەکەی لەخوای گەورە چاوەڕوان بکات ونیەتیشــی هەر بۆ ئەو بێت، ئەوە پەروەردگار لەگوناهەکانی پێشووتری خۆش دەبێت .

**حەوتەم :** ووتنی ( سبحان الله وبحمده ) صەد جار لەڕۆژێكدا : ئەو فەرموودەیەشی ئاماژە بۆ ئەم ڕاستیە دەکات، ئەوەیە كە دەفەرموێت : ( من قال سبحان الله وبحمده في يوم مائة مرة حطت خطاياه وإن كانت مثل زبد البحر ) { رواه البخاري ومسلم } واتە : هەر کەس لە ڕۆژێکدا صەد جار بڵێ : ( سبحان الله وبحمده، واتە: پاك وبێگەردی بۆ خوای گەورە و سوپاس وستایشیش هەر بۆ ئەو ) ئەوە سەرجەم گوناهەکانی دەسڕێتەوە، ئەگەر بەئەندازەی کەفی دەریاش بێت .

**هەشتەم :** دوو ڕکات نوێژکردن هەرکاتێك کەوتە ناو تاوان وگوناهێکەوە، لەم بارەیەشەوە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : ( ما من عبد يذنب ذنباً فيحسن الطهور ، ثم يقوم فيصلي ركعتين ، ثم يستغفر الله إلا غفر له ) { رواه الترمذي } واتە : هیچ بەندەیەك لەبەندەکانی خودا نیە کەگوناهێکی ئەنجامدا، پاشان دەستنوێژێکی جوانی گرت و دوو ڕکات نوێژی کرد بۆ خوای گەورە و پاشان ئیستغفار وداوای لێخۆشبوونی لەپەروەردگار کرد، ئیللا لێی دەبوررێت .

**نۆیەم :** هەر کۆڕ و مەجلیسێك گوناهـی تێدا کرا، ئەوە لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا کەفارەتی بۆ دانراوە، ئەوەتانێ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ڕێنمومایمان دەکات ودەفەرموێت : ( من جلس جلسة فكثر لغطه ، فقال قبل أن يقـوم مـن مجلســه ذلك :( سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت ، استغفرك وأتوب إليك ، إلا غفر له ما كان في مجلسه ذلك ) { رواه أبو داود والترمذي } واتە : هەرکەس لەکۆڕ وکۆبوونەوەیکدا دانیشت و هەڵە و کەم وکورتی زۆر بوو، ئەگەر پێش ئەوەی لەو کۆڕ و کۆبوونەوەیە هەڵسا ووتی : سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت ، استغفرك وأتوب إليك ، إلا غفر له ما كان في مجلسه ذلك واتە : پاك وبێگەردی و سوپاس وستایش بۆ تۆ ئەی خوایە، كە هیچ پەرستراوێکی بەهەق نیە جگە لەتۆ، وە داوای لێخۆشبوون لەتۆ دەکەم و دەگەڕێمەوە بۆلای تۆ، )

ئەوە پەوەردگار لەو هەڵە وتاوانانەی لەو کۆڕ وکۆبوونەوەیەدا کردوونی خۆش دەبێت .

**دەیەم :** حەجکردن : لەگەڵ ئەوەی حەجکردن پایەی پێنجەمی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، واجبە لەسەر هەرکەسێك کە تواناى دارایی و جەستەیی هەبێت یەکجار لەتەمەنیدا ئەنجامی بدات، پاداشتێکی گەورەش ئامادە کراوە بۆ ئەو باوەڕدارەی کە ئەنجامی دەدات، وەك پیغەمبــەری ئازیزمان ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : ( من حج للە فلم یرفث ، ولم یفسق رجع کیوم ولدتە أمە ) { رواە البخاري ومسلم } واتە : هەر کەس لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە حەج بکات، بەو مەرجەی کاری نەشیاو ئەنجام نەدات کە مەبەست پێی یاری کردن و تیکەڵاویکردنی خێزانە لەکاتی حەجکردنەکەیدا- وقسەی پڕوپووچ وبیهوودە نەکات، ئەوە وەك ئەو منداڵە ساوایەی لێ دێت کە تازە لەدایکی بووە - واتە هیچ گوناهێکی لەسەر نامێنێت - .

**یازدەیەم :** عومرە کردن : ئەنجامدانی عومرەش وەك حەج لەسەر ڕای زۆرینەی زانایانی ئیسلام واجبە لەسەر هەموو باوەڕدارێك بەو مەرجەی تاوانی دارایی و جەستەیی هەبێت، زیاد لەجارێکیش سوننەتە و هەموو عومرەیەك بۆ عومرەیەکی تر دەبێتە کەفارەت و سڕینەوەی تاوانی نێوانیان، وەك لە فــەرموودەی سەحیحــدا هاتووە : ( العمرة إلی العمرة کفارة لما بینهما ) { رواە البخاري ومسلم } واتە : ئەنجامدانی عومرەیەك بۆ عومرەیەکی تر دەبیتە هۆی کەفارەت و سڕینەوەی ئەو گوناهـ وتاوانانەی کە لە و نێوانانەدا دەکرێت .

**دوازدەیەم :** نوێژە فەرزەکان بەتایبەت تر نوێژی هەینی : نوێژەکان هۆکاری پەیوەندی نێوان بەندەکان و خوای گەورەیە، لەم ڕووەوە باوەڕداران ڕۆژی پێنجار موناجات لەگەڵ پەروەردگاریان دەکەن، لەبەرامبەریشدا خوای گەورە دەیکات بەسڕینەوەی تاوانی بەندەکانی، پێغەمبەری خوداش ( صلی اللە علیە وسلم ) بەم فەرموودەیە هانی باوەڕداران دەدات کە زیاتر هۆگری نوێژەکانیان بن، وە فەرموویەتی : ( الصلوات الخمس والجمعة إلی الجمعة کفارة لما بینهن ما لم تغش الکبائر ) { رواە البخاري ومسلم }

واتە: پێنج نوێژە فەرزە کە ونوێژی هەینی دەبنە هۆی کەفارەت و سڕینەوەی ئەو گوناهانەی کە دەکرێت لەنێوانیاندا، بەو مەرجەی گوناهی گەورەی تێدا ئەنجام نەدرێت .

**سیازدەیەم :** شەهید بوون لەپێناو خوای گەورەدا : خۆشەویسترین شتێك کە مرۆڤ خاوەنیەتی، ڕۆح وگیانیەتی، لەبەر ئەوە کاتێك ئامادەیە لەپێناو خوای گەورە بیبەخشێت، پەروەردگاریش پاداشتێکی گەورەی بۆ ئامادە کردووە، یەکێك لەو پاداشتانە ئەوەیە لەتەواوی گوناهەکانی دەبورێت، وەك لەفەرموودەیەکدا هاتووە: قال ( صلى الله عليه وسلم ) : ( يغفر الله للشهيد كل شيء ، إلا الدّين ) { رواه مسلم } واتە : خوای گەورە لەهەموو شتێکی شەهید خۆش دەبێت، تەنها قەرزی ئەو خەڵکە نەبێت کە لەدونیادا لەسەری بووە .

**چواردەیەم :** ڕۆژووگرتنی رۆژی عەرەفە : سوننەتە رۆژی عەرەفە کە دەکاتە رۆژێك پێش جەژنی قوربان باوەڕدار بەرۆژوو بێت، گرتنی ئەم رۆژەش پاداشتێکی گەورەی هەیە، وەك ڕیوایەتکراوە : ( سئل رسول الله صلى الله عليه وسلم : عن صيام يوم عرفة فقال ): يكفر السنة الماضية والباقية ) { رواه مسلم } واتە : پرسیار کرا لەپێغەمبـەری خودا ( صلى الله عليه وسلم ) دەربارەی ڕۆژووگرتنی ڕۆژی عەرەفە، ئەویش فەرمووی : دەبێتە کەفارەت و سڕینەوەی گوناهی ساڵێك پێشتر و ساڵێك پاشتریش.

بەڵام لەم ڕۆژەدا نابێت حاجیان بەرۆژوو بن، چونکە قەدەغەی لێکراوە، وەك لەفەرموودەدا هاتووە : ( نهـى رسـول الله صلى الله عليه وسلم عن صوم يوم عرفة بعرفة ) { رواه أبو داود } واتە : پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) قەدەغەی کردووە لە ڕۆژوو گرتنی ڕۆژی عەرەفە بۆ ئەو حاجیانەی کەلەو ڕۆژەدا لەعەرەفە وەستاون .

**پازدەیەم :** ڕۆژووگرتنی ڕۆژی عاشورا : ڕۆژووگرتنی ڕۆژووی عاشورا کارێکی پیرۆز بوو لای جولەکەکان، کاتێك پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم) کۆچی کرد بۆ مەدینە بینی جولەکەکان ئەو ڕۆژە بەڕۆژوو دەبن، پرسی لەبەرچی بەڕۆژوو دەبن، ووتیان : لەبەر ئەوەی خوای گەورە لەو

ڕۆژەدا حەزرەتی موسا و بەنی ئیسرائیلی ڕزگارکرد لەدەستی فیرعەون وداروودەستەکەی، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ئێوەش ئەو ڕۆژووە بگرن چونکە ئێوە لەپێشترن بەموسا، خوای گەورە ئەگەر تەمەنی داین ساڵێکی تر ڕۆژێك پێشتریش بەڕۆژوو دەبین، بۆیە دەبینین گرتنی ئەم ڕۆژە گرنگیەکی تایبەتی هەیە لە ئیسلامدا، لەم بارەیەشەوە چەند ڕیوایەتێك هاتوە لەوانەش : سئل رسول الله صلى الله عليه وسلم :عن صيام يوم عاشورا فقال: ( يكفر السنة الماضية ) { رواه مسلم } واتە : پرسیار کرا لە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەربارەی پاداشتی ڕۆژووی عاشورا ، ئەویش فەرمووی : گوناهی ساڵێك پێشتر دەسڕێتەوە .

**شازدەیەم :** هەرکاتێك ووتنی ( ئامین ) ی پاش تەواو کردنی سورەتی الفاتحة لەنوێژدا یەك بگرێتەوە لەگەڵ ( ئامین ) کردنی فریشتەکانی ئاسماندا، لەم بارەیەشەوە پیغەمبەری خودا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : ( إذا قال أحدكم آمين وقالت الملائكة في السماء آمين فوافقت إحداهما الأخرى غفر له ما تقدم من ذنبه ) { متفق عليه } واتە : هەر کەسێك لەئێوە ووتی ( ئامین ) و فریشتەکانی ئاسمانیش ووتیان : ئامین، هەرکامیان لەگەڵ ئەوی تردا یەکی گرتەوە، ئەوە خوای گەورە لەگوناهی پێشووتری خۆش دەبێت .

**حەڤدەیەم :** ئارمگرتن لەسەر ناڕەحەتی و نەهامەتیەکانی دونیا : گەلیك فەرمودە و لەم بارەیەوە هاتوون، هەروەك پێشەوای ئازیزی ئیمانداران محمد المصطفى ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : ( ما يصيب المسلم من نصب ، ولا وصب ، ولا هم ، ولا حزن ، ولا أذى ، ولا غم، حتى الشوكة يشاكها ، إلا كفر الله بها من خطاياه ) { رواه البخاري } واتە : موسڵمان تووشی هیچ ماندوو بوون و ئێش و ئازار و نەخۆشی وخەم و پەژارەیەك نابێت، تەنانەت ئەگەر دڕکێکیش بچەقێت پێیدا، خوای گەورە گوناهـ و تاوانەکانی پێ دەسڕێتەوە .

**هەژدەهەم :** خێر و صەدەقە کردن : خێر وصەدەقەکردن گرنگیەکی زۆری پێدراوە لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا و پیغەمبەری خوداش ( صلى الله

عليه وسلم ) گەلێك جار باوەڕدارانی هانداوە بۆ ئەوەی خێر وصەدەقە بکەن و بەزەییان بە هەژاران ونەداراندا بێتەوە، تاوەکو خودا لێیان خۆش بێت، هەروەك دەفەرموێت : ( الصدقة تطفئ الخطيئة كما يطفئ الماء النار { رواه الترمذي } واتە : خێر وصەدەقەکردن گوناهەکان دەکوژێنێتەوە و دەیانسڕێتەوە، هەروەك چۆن ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە .

لەکۆتایدا داواکارین لە پەروەدگاری بەرز و بڵند و بەدەسەڵات و بەڕەحم کە لەتەواوی گوناهەکانی هەموو لایەکمان خۆش بێت، ئەو گوناهـ و تاوانانەی کە بەنهێنی یان بە ئاشکرا کردوومانە، ئەو گوناهانەی کە پێمان زانیوە ئەوانەشی کە ئاگاداری نین، ئەی پەروەردگاری هەمووان تۆ زۆر بە رەحم و میهرەبانیت بە تاوان و خراپەی خۆمانمان لەگەڵ نەکەیت، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە حسابمان لەگەڵ بکەیت ئێمەی گوناهبار شایانی توندترین سزای تۆین، دەسا خودایە وامان لێ بکەیت کە زاتی هەق تەعالای تۆمان لێ رازی بێت وبمانخەیتە بەهەشتە هەتا هەتاییەکانی خۆتەوە ( ئامین ) .